# زمانت بەردەوام پاراو بێت بە زیکر ویادی الله

لە عبد الله ی کوڕی بوسرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا !شەریعەتەكانی (فەرمانەكانی) ئیسلام لە سەرمان زۆر بوون، فەرمانێكمان پێ بڵێ كە دەستی پێوە بگرین و هەموو كردەوەیەكی خێری تێدا بێت؟ فەرمووی: «زمانت بەردەوام پاراو بێت بە زیكر ویادی الله». ولە گێڕانەوەیەكدا: لە فەرموودەی موعازی كوڕی جەبەل -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: دوایین شت كە لەسەری پێغەمبەری خودام جێهێشت -صلی الله علیه وسلم- ئەوە بوو كە ووتم: چی كردەوەیەك خێرترینە ونزیكترمان دەكاتەوە لە الله؟ فەرمووی: «ئەوەیە بمریت و زمانت پاێاو بێت بە زیكر ویادی الله -عَزَّ وَجَلَّ-».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه أحمد والترمذي وابن ماجه وابن حبان)]

پیاوێك سكاڵای هێنا بۆ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بەوەی پەرستنە سونەتەكان زۆر بوون لەسەری هەتا وای لێهاتووە ناتوانێت ئەنجامیان بدات بەهۆی لاوازبوونی، پاشان پرسیاری لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- كرد بۆئەوەی ڕێنیشاندەری بێت بۆ كردەوەیەكی ئاسان كە ببێتە هۆی بەدەستهێنانی خێری زۆر ودەستی پێوە بگرێت. پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕێنموێنی كرد بەوەی زمانی بەردەوام شێدار وجوڵاو بێت بە یادكردنی الله -سبحانە وتعالی- لە هەموو كات وحاڵێكدا؛ ئەمیش بە ووتنی (سبحان الله والحمد لله واستغفر الله) ونزاكردن وزیكرەكانی تر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66541

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee